# له  یادی 11مین سالوەگەری......! ! بانگەوازێک

خالید هەرکی



زۆرن ئەو رۆژانەی کە بونەتە رۆژی مێژویی لە دیرۆکی گەلان ، گرنگ نیە ئەو رۆژانە هەموی رۆژی سەرکەوتن یا بەختەوەری بن ، هەمو میلەتێک لە سالنامەکەی خۆیدا ئەم جۆرە رۆژانە ی تۆمار کردوەو  لە مێشکی نەوەکانیداجێگیر کردون و بە رۆژی زیندویان دەزانن،  گەر ئەم رۆژانە نەهامەتیی بۆ گەل هێنابێ یا دەسکەوت و بەختەوەری، چونکە ئیدی رۆژی وەرچەرخانن رۆژێکن گۆرانیان خستۆتە ژیانی میلەتە کەیانەوە ، ئێمەی میللەتی کورد مێژووەکەمان پریەتەی لە کارەسات ونەهامەتی و سەرکەوتنی کاتی و تێک هەلچون . نەوەی زیندو ی ئەم رۆژگارە لەگەل وردەکاریەکانی ئەو روداوانە دا ژیاون ، پێویستیان بەوە نیە زانیاری وئامۆژگاری لە هیچ لایەنیک لەسەر ئەو روداوانە وەرگرن ، من بەم بۆنەیەوە بانگەوازی ئەوە دەکەم کە ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان دەستەیەک یا کۆمیتەیەک یا دەزگایەک  لە شارەزاو بەتواناوبێلایەنی دەسەلات پێدراو پێک بهێنێ بۆ لێکۆلینەوە و بەدواداچون و دواتریش بریاردان لەسەر راستیی روداوەکانی سەدەی رابردو ،  بەر لەوەی ئەم نەوەیەی لەناو ئەم روداوانە کارەکتەرو خاوەن زانیارین لە سەر روی زەوی ون ببن وئەوساش مقۆ مقۆ بکەوێتە نێوان نەوەی داهاتوو،دواتریش روداوەکان ئەوەندەی کە شێوێنراون ئەوەندەی تریش بشێوێنرێن، خەلکی بێ گوناهیش سەر گەردان وسەرلێشێواو بمێنێتەوە . لای هەموان رونە کە هەریەک لەو روداوانەی بەنمونە لە خوارەوە هێناومەتەوە بە دوو تا سێ و چوار شێوە دەوترێنەوەو دەنوسرێنەوە کەئەمەش بۆ ئەم سەردەمە بێ ویژدانیو بی وەفاییەکە لەگەل خۆمان وشەهیدەکانمان ومیلەت و خاکەکەمانی دەکەین، بۆ دەبێ  وەکو گیان لەبەری بێ زمان ئێمەی کورد هە ردەم مێژوو دیرۆکی خۆمان لەسەر زمانی رۆژهەلاتناس و مێژونوسانی بێگانە ببیستین و بخوێنینەوە.

لەم روانگەیەوەو بۆ بەداکۆمێنتکردنی بەشێک لە رابردوی میلەتە کەمان ورزگار کردنی خەلک لەو گومراییە ی کە سالەهای سالە هاوسەریەتی ، بە  هەست بە مەسئولیەتکردنێکەوە وێرای پێشنیارێکم ، بانگەوازی سەرەوەم ئاراستەی خەم خۆران و وەفادارانی میلەتەکەمان دەکەم بەتایبەت ئەوانەی کاریان لەبەر دەروا لە کاربەدەست و بەهرە بەدەستان ، چ دەزگای حکومی یا رەوشەنبیری یا کلتوری یا سیاسی و  یاسایی بێت بەئەرکی بەشداری کردنی ئەم دەزگایە هەلبستن بۆ ساغ کردنەوەو یەکلا کردنەوەی چەند راستیەک  کە سالەهای سالە بە چەندین زمانەوە دەیان بیستین بەر لەوەی رۆژگارمان لێ ئاوا بێ وئەم راستیانەش لە خەلک ببنە جێی گومان .

بەر لەوەی دەست بەم ئەرکە بکرێت کە نازانم ئەم دەزگایەی من بانگەوازی بۆ دەکەم لەدایک دەبێ یان نا ، دەبێ وەکو عەقلیەتی سەردەم وەکو سیتەمی دیموکرات و شارستانیەت خۆمان بە گیانی قەبولکردنی راستیەکان جۆشدەین ورابهێنین لە ئەنجامی راگەیاندنی راستیەکان زویر نەبین بەدلێکی فراوانەوە پێشوازیان لێ بکەین چ ئێمەی جەماوەر چ سەرکردەکانمان.

ئەو کارانەی بە دەسپێکی ئەم ئەرکە پیرۆزە ی دەزانم زۆرن لەوانە بۆ نمونە :

1– هۆکار و کەمتەرخەمی لە روخانی کۆماری مە هاباد 1945

2– هۆکارو چۆنیەتی جیابونەوەی بالی م.س ی پارتی لە سالی 1964.        هۆکارەکانی راستەوخۆ وناراستەوخۆ.

3– تەسلیم بونەوەی هەمان بالی سەرەوە  بە رژێمی ئەوسای بەغدا.

4– هۆکار و ئەگەرەکانی هەرەس هێنانی شۆرشی ئەیلول لە 06–03–1975.

5– راستی لەناو چونی دەستەیەک شەهید لە 1975 لە ناوچەی بادینان کە بەنیازی هەلگیرساندنەوەی شۆرش بون لە

سورياوە هاتبونە ئەوێ بەناوی موجموعەی شەهید ابراهیم عەزۆ.

6– کارەساتی هەکاری لە 1978 چۆن رویدا ؟ هۆکاری روداني چی بو؟ چەند شەهیدلە هەردو لا هەبو ؟

7– هۆکاری شەری بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکیەتی لە 1993 دەبوایە حزبەعلمانیە کوردستانیەکان پشتگیری لە کامیان بکەن؟.

8– هۆکاری سەرەکی وراستەوخۆو ناراستەوخۆی شەری ناوخۆی مایسی 1994.

9– راستیی رێککەوتن نامەکەی پاریس کە گوایە بە دەسەلاتدارانی تورک درابو ئەگەر تورک بەمەیان نەزانیبا دەسکەوتێکی هەتا هەتایی بۆ کورد دابین کرابو ، هەر بۆیە تورک شکستیان پێ هێنا.

10– راستی وهۆکاری کارەساتی 31 ی ئاب 1996.

ئەمەو چەندین روداوی تری لەم بابەتە گرنگ لە کاروانی خەباتی نەپساوەی گەلی کوردستان. کە ساغ کردنەوەیان لەم سات وکاتەدا ئەرکێکی پیرۆزی کوردانەیە دەسکەوتێکی مێژویی سەرکردایەتیی نوێخوازی دیموکتاتی میلەتەکەمانە .

خالید هەرکی.....هەولێر....31-08-2007
www.serben.com
khalidherki@chello.nl